# فیقهی ئاسان: پەرتووکی حەج: دەروازەی حەوتەم: لەبارەی گوێزەبانەوە

# الفقه الميسر: كتاب الحج، الباب السابع في العقيقة

< كوردی - كردي - kurdish >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# دەروازەی حەوتەم: لەبارەی گوێزەبانەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی گوێزەبانە ( حەوتم ) دەكەین كە لە فیقهی ئیسلامیدا بە ( العقیقة ) ناسراوە، ئەم بابەتەش سێ بابەتی سەرەكی لەخۆ گرتوە، بابەتی یەكەم : پێناسەی گوێزەبانە ( العقیقة ) وحوكم وكاتەكەی، و بابەتی دووەم : ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی كە لەم بۆنەیدا سەر دەبڕرێت، وە بابەتی سێهەم : ناونانی كۆرپە، وسەرتاشین، ومەلاشۆ چەوركردنی بەهەندێك لەخورمای جوێنراو، وە بانگدان بەگوێیدا .

**بابەتی یەكەم : پێناسەی گوێزەبانە ( العقیقة ) وحوكم وكاتەكەی :**

**1-پێناسەی گوێزەبانە ( العقیقة ) .**

لە زمانەوانیدا عەقیقە لەووشەی ( العق ) وە داتاشراوە، كە مەبەست پێی بڕینە، لە بنەمایشدا ئەم ووشەیە بە مووی ئەو كۆرپەیە دەوترێت كە لەكاتی لەدایك بووندا بەسەریەوەیەتی .

لە زاراوەی شەرعیشدا : عەقیقە بەو ئاژەڵە دەوترێت كە لەڕۆژی حەوتەم وپاش سەرتاشینی بۆ منالی تازە لەدایك بوو سەر دەبڕرێت، ئەمەش مافی منالە بەسەر باوكیەوە .

**2-حوكمی گوێزەبانە ( العقیقة ) .**

گوێزەبانە ( العقیقة ) كردن سوننەتێكی موئەكەدەیە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە سەلمانی كوڕی عامری ضەبی ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو دەیفەرموو : { مع الغلام عقيقته, فأهريقوا عنه دما, وأميطوا عنه الأذى } [1] , واتا : منالْ گوێزەبانەكەی خۆی لەگەڵدایە، بۆیە خوێن (ئاژەڵێكی) بۆ سەر ببڕن، و ئازار و ناڕەحەتی لەسەر هەڵگرن .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5154) ڕیوایەتی كردووە .

هەروەها هاوەڵێکی تر بەناوی سەمرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { كل غلام رهينة بعقيقته, تذبح عنه يوم سابعه ويسمى ويحلق رأسه } [1] , واتا : هەموو منالێك بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، ڕۆژی حەوتەمی لەدایك بوونی بۆی سەردەبڕرێت، وە ناوی دەنرێت و سەریشی دەتاشرێت .

عەمری کوڕی عاصیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من ولد له ولد, فأحب أن ينسك عنه فلينسك } [2] , واتا : هەر کەسێك منالیان بوو، وە پێی خۆش بوو کە ئاژەڵێ بۆ سەر ببڕێت ئەوا بۆی سەر ببڕێت .

### 3-کاتی گوێزەبانە ( العقيقة ) .

کاتی دروستی وجەوازی گوێزەبانە ( العقيقة ) لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە منالەکە بە تەواوەتی لە منالدانی دایکی دەبێتەوە ودێتە دونیاوە، وە کاتی ئیستحبابی بەردەوام دەبێت تا کاتی بالغ بوونی ئەو منالە بەلام سوننەت وایە لە ڕۆژی حەوتمی لەدایك بوونی بۆی بکرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە سەمرە گێڕایەوە و ووتی : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { كل غلام رهينة بعقيقته, تذبح عنه يوم سابعه ويسمى ويحلق رأسه } [3] , واتا : هەموو منالێك بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، ڕۆژی حەوتەمی لەدایك بوونی بۆی سەردەبڕرێت، وە ناوی دەنرێت و سەریشی دەتاشرێت .

### بابەتی دووەم : ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی کە لەم بۆنەیدا سەر دەبڕرێن :

سوننەتە بۆ کوڕ دوو کاوڕ سەر ببڕرێت، وە بۆ کچیش کاوڕێك، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئوم کەرزی کەعبی دەیگرێتەوە ودەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بوو دەیفەرموو:

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (7/5، 8 ، 12)، وە ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2837)، وە تیرموزی بەفەرموودەی ژمارە (1522)، ونەسائی (166/7)، وە حاکم بە صەحیحی داناوە، وە ئیمامی ذەهەبیش هاوڕای بووە، بڕوانە المستدرك (237/4)، وە شێخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح النسائي فەرموودەی ژمارە (3936).

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2842) ڕیوایەتی کردووە، وە نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (162/7)، وە ئەحمەد (182/2)، وەشێخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح النسائي فەرموودەی ژمارە (3928)،

(3) لە لاپەڕەی پێشتر ئەم فەرموودەیەمان تەخریج کردووە .

{ عن الغلام شاتان متكافئتان, عن الجارية شاة } [1] واتا : بۆ کوڕ دو کاوڕی وەك یەك، و بۆ کچیش کاوڕێك، سەر دەبڕێت .

**بابەتی سێهەم : ناونانی کۆرپە، وسەرتاشین، ومەلاشۆ چەورکردنی بەهەندێک لەخورمای جوێنراو، وە بانگدان بەگوێیدا .**

**1-ناونانی کۆرپە :**

سوننەتە کۆرپە لە ڕۆژی حەوتەمدا ناوبنرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە سەمرە گێڕایەوە و ووتی : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { كل غلام رهينة بعقيقته, تذبح عنه يوم سابعه ويسمى ويحلق رأسه } [2] , واتا : هەموو منالێك بارمتەی گوێزەبانەکەیەتی، ڕۆژی حەوتەمی لەدایك بوونی بۆی سەردەبڕرێت، وە ناوی دەنرێت و سەریشی دەتاشرێت .

وە سوننەتە کە ناوێکی جوان وخۆشی بنرێت، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەندێ ناوی ناشرینی وناخۆشی گۆڕیون و فەرمانیشی بەوە کردووە کە ناوی ناخۆش و ناشیرین بگۆڕن [3]، خۆشترین ناویش لەلای خوای گەورە ناوی عەبدولا وعەبدوڕەحمانە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدولای کوری عومەر ( خوایان لێ رازی بێت ) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إن أحب أسمائكم إلى الله عبد الله وعبد الرحمن } [4] , واتا : خۆشەویسترین ناوەکانتان لای خوای گەورە ناوی عەبدولا و عەبدوڕەحمانە .

**2-تاشینی سەری کۆرپە :**

سوننەتە سەری کۆرپە کوڕ بێت یان کچ لە ڕۆژی حەوتەمدا پاش سەر بڕینی عەقیقەکەی بتاشرێت، پاشان بە کێشی مووە تاشراوەکە زیو بکاتە خێر وصەدەقە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەلی کوڕی ئەبو طالب دەیگرێتەوە ودەڵێت : { عق رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) عن الحسن بشاة, وقال : يا فاطمة

---

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (381/6)، وە ئەبو داود (257/3)، وە نەسائی (165/7)، وە شێخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : صحيح النسائي فەرموودەی ژمارە (3931)،

(2) پێشتر ئەم فەرموودەیەمان تەخریج کردووە .

(3) تەماشای ( فتح الباری بەرگی 10/ لاپەڕە 577) بکە .

(4) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2132) ڕیوایەتی کردووە .

احلقي رأسه, وتصدقي بزنة شعره فضة } [1] , واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) گوێزەبانەی بۆ حەسەن کرد و کاوڕێکی بۆ سەربڕی، پاشان ووتی : ئەی فاطمە سەری بتاشە و بەکێشی مووەکەی زیو بکە بەخێر وصەدەقە .

3-مەلاشو چەورکردنی کۆرپە بە خورما :

سوننەت مەلاشوی کۆرپە کوڕ بێت یان کچ، بە خورما چەور بکرێت .

مەبەست لەمەش ئەوەیە : کە خورمایەك بجوێنرێت وپاشان مەلاشوی ئەو منالە تازە لەدایك بووەی پێ چەور بکرێت تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێکی بچێتە خوارەوە بۆ ناو گەدەی، لەم بارەیەشەوە ئەبو موسای ئەشعەری ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەڵێت : کوڕێکمان لەدایك بوو، هێنام بۆ لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش ناوینا ئیبراهیم، وپاشان مەلاشوی بە خورما چەور کرد [2] , هەروەها عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : { أن رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) كان يؤتى بالصبيان ويحنكهم } [3] , واتا : منالی تازە لەدایك بوویان دەهێنا بۆلای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش مەلاشوی بە خورما چەور دەکردن .

4-بانگدان بە گوێ کۆرپەدا :

سوننەتە کە منال لەدایك دەبێت بانگ بدرێت بە گوێیدا، وە ووتراوە بانگ بە گوێی ڕاستیدا بدرێت، وە قامەتیش بە گوێی چەپیدا، لەم بارەیەوە ئەبو ڕافع ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : { رأيت رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أذن في أذن الحسن بن علي حين ولدته فاطمة, بالصلاة } [4] , واتا : کاتێك فاطمە حەسەنی کوڕی عەلی بوو، پێغەمبەری خوام ( صلى الله عليه وسلم ) بيني بانگی نوێژی دا بە گوێییدا .

---

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (390/6 ، 392)، وە مالیك لە موطأدا لاپەڕە (259) ڕیوایەتی کردووە، وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1519)، وە حاکمیش بەهەمان شێوە ڕیوایەتی کردووە (237/4)، بەیهەقیش ڕیوایەتی کردووە (304/9)، وەشێخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : صحيح الترمذي فەرموودەی ژمارە (1226).

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5045) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2145) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2147) ڕیوایەتی کردووە .

(4) تیرموذی بەفەرموودەی ژمارە (1514) تەخریجی کردووە، وە وتویەتی : فەرموودەیەکی حەسن وصەحیحە، وەشێخ ئەلبانیش بەفەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : صحيح الترمذي فەرموودەی ژمارە (1224).

لەخوای گەورە ومیهرەبان داواکارم یارمەتی هەموو لایەکمان بدات کە ئیستقامەمان هەبێت لەسەر دینەکەی خۆی، وە لەسەر ئەو دینەش بمانژێنێت ولەسەر ئەو دینەش بمانمرێنێت وهاوڕیەتی پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکانمان بە نسیب بکات لە بەهەشتە نەبڕاوەکەیدا (ئامین یا رب العالمین).

وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه وسلم